# ئازادی کۆمەڵگە

FREEDOM OF SOCIETY

ژمارە(٤٨) پـاییـز (٢٠٢٤)

سیاسیـــة، اجتماعیة فصلیة

گۆڤارێکی هـزری، سیاسـی، جڤاکیی، وەرزییە



## ڕێزێک بۆ

## دەیڤد گرایبەر

2024



### سیاسەتی میتینگەریی و ژینوسایدی مۆدێرنیتەیی سەرمایەداریی و ئەرکەکانمان

جەمیل بایک



### ستەمکاریی بژاردە

ڕێناتا سالێکڵ





### وانەکانی کۆبانێ

موراد فەرهادپوور - مەنسوور تەیفووری

### کوردەکان: فریشتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

سلاڤۆی ژیژەک

### لە دیالێکتیکەوە تا دیالێکتیک

ڕامین گارا

### شاخ و شار: دوو ستایلی ژیان

وەلید عومەر

### واتای ئیمپریالیزم

هاری ماگدۆف

# هیوا لە سەرکەوتن بەهادارترە

گۆڤاری ئازادیی کۆمەڵگە بە ناوەڕۆک و پەیامەکانی ڕاوەستە لـەسەر دەربڕینی ئـەو هیوا نوێیە دەکات.


گۆڤاری ئازادیی کۆمەڵگە

گۆڤارێکی هزری، سیاسی، جڤاکی، وەرزییە

ژمارە ٤٨ پاییزی ٢٠٢٤

OF SOCIETY

FREEDOM



ڕێزێک بۆ

# دەیڤد گرایبەر

David Graeber

**بەشداران**
جەمیل بایک
وەلید عومەر
مەنسوور تەیفووری
شاهۆ عوسمان
وریا ئەحمەد
فازڵ مەحموود
شێروان ئیبراهیم
عەلی ئەحمەد
سوورێن ئیبراهیم
ئیمان سەلیم
شادیار شۆڕش
مەریوان کاکەیی
هەردی دولبەر

**دیزاین**
گۆران پێنجوێنی

**چاپخانە**
چاپخانەی کارۆ

**تیراژ**
٥٠٠دانە

**نرخ**
٣٠٠٠دینار

**ساڵی چاپ**
پاییزی٢٠٢٤

**ژمارە**
٤٨



**دەستەی نووسەران:**
نەجیبە قەرەداخی
پ.د.سالار باسیرە

https://komelge.com

**خاوەن ئیمتیاز**
د.محەمەد کیانی عەبدولڕەحمان

**سەرنووسەر**
گۆران عەلی

**ڕاوێژکاری یاسایی**
ئەحمەد باجەڵانی

لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە ژمارە متمانەی (١١١) ١٦-١١-٢٠١٥ تۆمارکراوە.

azadikomelge@hotmail.com

## پێڕست


سیاسەتی میتینگەریی و ژینوسایدی مۆدێرنیتەیی سەرمایەداریی و ئەرکەکانمان
جەمیل بایك ........................................ ٩

پرسی کورد، تورکیا و قەیرانی دەوڵەت-نەتەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست
بنکۆڵکاریی ........................................ ٥١

شاخ و شار: دوو ستایلی ژیان
وەلید عومەر ........................................ ٦٩

کوردەکان؛ فریشتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست
سلاڤۆی ژیژەك ........................................ ٨١

وانەکانی کۆبانێ
موراد فەرهادپوور - مەنسوور تەیفووری ........................................ ٨٧

کۆلۆنیاڵ و دژماناکانی
شاهۆ عوسمان ........................................ ٩٥

واتای ئیمپریالیزم
هاری ماگدۆف ........................................ ١٠٩

لێکۆڵینەوەی پۆستکۆلۆنیالیزم و ئەدەب
فازڵ مەحموود ........................................ ١٢٥

سوبێکت و تێربوون: بەربەستی بێسنوور
تۆد مەكگوان ........................................ ١٣٢

ستەمکاریی بژاردە
ڕێناتا سالێکڵ ........................................ ١٤٥

لە دیالێکتیکەوە تا دیالێکتیك
ڕامین گارا ........................................ ١٥٧

«داخۆ ئەگەری دیموکراسیی لە سووریا هەیە؟» هەڤاڵەکەم دەیزانی چۆن.
دەیڤد گرایبەر ........................................ ١٨٣

قەرز چییە؟
چاوپێکەوتن لەگەڵ دەیڤید گرەیبەر ........................................ ١٩١

تێزەکانی کەمالیزم
ئیبراهیم کایپاکایا ........................................ ٢١٥

ڕانان بۆ پەڕتووکی ‹بەرگرییکردن لە گەلێك›
هەردی دولبەر ........................................ ٢٢٣

REEDOM OF SOCIETY

**لەبری پێشەکی:**

«گۆشـەگیریی بەردەوامـە... ئەگـەر هەلومـەرج برەخسـێنرێت، هێـزی تیۆری و پراکتیکیی ئـەوەم هەیـە ئـەم دۆخـە لـە زەمینـەی پێکدادان و توونـدوتیژییـەوە بگوازمـەوە بۆ زەمینەیەکی یاسـایی و سیاسـی».

عەبدوڵڵا ئۆجالان

٢٣ی تشرینی یەکەم ٢٠٢٤

گرتووخانەی ئیمراڵی جۆری F



# وانەکانی کۆبانێ

موراد فەرهادپوور – مەنسوور تەیفووری
لە فارسییەوە: ئەکبەر حەسەن

ناوێکی جوگرافیایی نوێ لەدایک بووە، بەبێ هیچ ڕەسمییەتێک لەسەر نەخشەیەک یان لای دەوڵەتێک، ناوێک کە وەک ناوی خەڵک خۆی هیچ شووناسێکی تایبەت نانوێنێتەوە، ناوێک کە زیادەیکە لە بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوەی ماشێنی جەنگیی سیاسەتە دەوڵەتی و دەسەڵاتتەوەرەکان ماوەتەوە. ئەو ماشێنی جەنگەی بەشار ئەسەد، سوپای ئازاد –کە بڕیارە بخرێتە جێگەی بەشار و ئازادی بهێنێت– و لە دواییشدا ماشێنی جەنگی ئیسلامیستە جیهادییەکان –کە داعش یەکێکە لە ناوەکانیان لە ئێستەدا– نوێنەرایەتیی دەکەن. ڕۆژاوا یان هەمان کوردستانی سووریا، هەر ئەو ناوەیە کە هیچ یەک لەو هێزانە نوێنەرایەتیی ناکەن و لە شێوەی زیادەیەکی نواندنەوە هەڵنەگردا، لەولای نواندنەوە باوە دەوڵەتییەکانەوە، بۆ دنیا زیاد بووە و سنوورەکانی ئیمکانی ڕاتەکاندووە. کۆبانێ ناوێکە بۆ دڵی بەتینوتاوی ئەم زیادە نواندنەوەهەڵنەگرە، ئەو خاڵەی ئەو سێ هێزەی ناومان بردن دەیانەوێت داگیری بکەن و داعش لە بەرەی یەکەمدایە بۆ ئەوەی بیگرێت و خەلافەتەکەی لەسەر هەڵچنێت، بەم جۆرەش، کانتۆنەکانی ڕۆژاوا لێک داببڕێت. بەڵام جگە لەم سێ هێزە دیاریکراوە، وەک دیارە، هێزە ناوچەیی و جیهانییەکانیش لەگەڵ کەوتنی کۆبانێ، جا دەوڵەتەکان بن یان ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان

و میدیا جیهانییە گەورەکان. ئەو کەمە وێنەش کە هەن، بریتین لە هەندێ ڤیدیۆ کە ئەوانیش لە ڕاستیدا بەرهەمی هەندێ کەسی نەناسراون و بەبێ یارمەتیی میدیاکانی خۆرئاوا درووست کراون. لە دەرەوەی ئەم نموونە دەگمەنە پەراوێزییانە، ئەو ئاماژە کەمەش لە میدیا گەورەکاندا بۆ ئەم بەرخۆدانە دەکرێت، زیاتر هەوڵە بۆ دابەزاندنی ڕۆژاوا و کۆبانێ بۆ دۆخ و ئاستی خەڵکێکی مەزڵووم و داماو، ئەو قوربانییە داماوەی کە کەرەستەیەکی خاوی لەبارە بۆ ئەوەی وەک کارەساتی مرۆیی لای میدیاکان و دەزگاکانی مافەکانی مرۆڤ وێنە بکێشرێت. جگە لە لایەنە ئایدیۆلۆژیکەکانی ئەم لەبیرکردنەی کۆبانێ و ڕۆژاوا، هۆیەکی دیکەش نەگونجانی نەزم و هێزەکانی پارێزەری کۆبانێیە لەگەڵ ئایدیۆلۆژیای ڕاستی پەڕگیر کە لە ناوچەکەدا زاڵە، هەر بۆیەش چاوەڕێی هاوپشتییان لێ ناکرێت. هەر بەم پێیەش، لەوانەیە هەندێ ئاماژەی ڕوونتر بۆ دۆخەکە پێویست بێت. ئەوەی چەپ دەتوانێ لە کۆبانێدا بیدۆزێتەوە و تا ئێستەش لێی خافڵ بووە، بۆ ڕەخنەی سیاسەتیش بەکەڵکە. بە دەربڕینێکی دیکە، لە ڕێگەی هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە بێدەنگیی هێزە چەپەکان لە ئاست ئەو شتەدا لە ڕۆژاوا و بە تایبەت لە کۆبانێ ڕوو دەدات، دەشێت لە هەندێ لایەنی سیاسەتی چەپ باشتر تێ بگەین و بە خوێندنەوەی کۆبانێ ئەو توخمانە بدۆزینەوە وا سیاسەتی چەپ هێشتا لێیان بەتاڵە.

١. ئەزموونی مێژوویی خەباتەکان فێری کردووین کە کات یەکێکە لە توخمە ڕۆنەر و بنچینەییەکانی هەرچەشنە بەرخۆدان و

بەرەنگارییەک. بەڵام ئەوەی لە زۆربەی گوتارەکانی هەنووکەدا زاڵە، بە چەپیشەوە، هەوڵە بۆ دەسکەوتی خێرا و کورتماوە، کە بە زۆری مەحکوومە بە شکستی دەمەودەست. ئەوەی لە کۆبانێ خەریکی ڕوودانە، بە پێچەوانەی ئەم لۆژیکەیە. کۆبانێ وێنەی ئەو قوربانییەی لە خۆی پیشان نەداوە کە دەستەوەستانە و دەمەودەست سەرکوت دەکرێت. بە پێچەوانەوە، گوزارشتە لە بەرخۆدانێکی شێلگیر و بەردەوام، واتە ئەوە توخمی کات و بەردەوامییە کە ناوەرۆکی سەرەکیی بەرەنگاریی کۆبانێییەکان ڕۆ دەنێت. کۆبانێ بەردەوامی بە کاتی بەرخۆدان دەدات و بە وەفاداری بۆ ڕووداوەکانی ڕابوردوو، ڕازی نابێت بەوەی کە وێنەی شۆڕش و هێزی خەڵک کورت ببێتەوە بۆ یەک چرکەی گەش کە بڕیارە خێرا بەسەر بچێت. لێرەشدایە ئەم خەباتە خۆی لە ڕوانگەی ڕۆمانتیک جوێ دەکاتەوە، واتە لەو ڕوانگەی وا لای وایە هێزی خەڵک تەنیا ئەو چرکەیە کە قەڵاکان دەگرن. بگرە ئەم ڕوانگەیە زیاتر حەز بەوە دەکات لە تینوتاوی ئەم چرکەیەدا بمێنێتەوە، ئەگەر تەنانەت باجەکەی ئەوە بێت خەڵک تا زووترە شکست بهێنن، بۆ ئەوەی ئایدیاکەی ئەم ڕوانگە ڕۆمانتیکە بسەلمێت وا دەڵێ ئەگەری هیچ بەرخۆدان و بەردەوامییەک نەماوە و نابێ بیر لە داهاتووی کورتماوە یان درێژماوەی خەبات بکەینەوە. بەپێی ئەم ڕوانگەیە، زوو بێت یان درەنگ، دژەشۆڕش و دوژمن زاڵ دەبنەوە و هەموو هەوڵێک بۆ درێژەدانی خەبات بێهودەیە. بەڵام خەبات لە کۆبانێ دەیسەلمێنێت کە بەرخۆدان هەمیشە پێویستی بە پێداگری، بەردەوامی و کردە و بیرێکە زادەی ئەم ڕوانینە بۆ خەبات.

٢. ئەزموونی مێژوویی ئەوەشی فێر کردووین کە سیاسەتی بەکۆمەڵ پێویستی بە گرتنی شوێنە. سیاسەتی خەڵکی و ڕزگاریخواز پێویستە گەردوونی و هەمەگیر بێت، بەڵام مادام هەموو گەردوونییەک تەنیا درزێکە لە تایبەتی و پاژەکیدا، کەواتە خەباتیش لە دواییدا دەبێ لە شوێنێکی تایبەتدا ڕوو بدات، شوێنێک کە سەرەتا دەگیرێت و هەموو سەرکەوتنێک بەستراوە بە پاراستنی ئەو شوێنەوە، شەقام و گەورەڕێگەیەک بێت، مەیدان یان شارێک، یان تەنانەت ناوچەیەکی وەک کۆبانێ. ئەوەی لە ئەزموونی خەباتی ڕۆژاوادا ڕوو دەدات، کە کۆبانێ دەرکەوتە ڕادیکاڵەکەیەتی، بریتییە لە گرتنی شوێنێک و هەوڵ بۆ پاراستنی بەرامبەر هەر چەشنە هێزێکی پاشکەوتنخواز و هەر دژەشۆڕشێک. ئەمە ئەو خاڵەیە کە پێویستە چەپ، زیاد لە هەر هێزێکی دیکە، لێی تێ بگات. لە کۆبانێ شوێن گیراوە و چۆڵ ناکرێت، ئەمە توخمێکی دیکە بۆ خەبات زیاد دەکات، کە لەگەڵ یارییە باوەکان یەک ناگرێتەوە. بەپێی یارییە باوەکە بڕیارە ئێمە، زوو بێت یان درەنگ، ئەو شەقامانە چۆڵ بکەین کە بە کردەوە/بیرکردنەوەی سیاسی کردوومانن بە هیی خۆمان. هەڵبەت هەر ئەمە وای کردووە هەندێ هێز تۆمەتی ئەوە بخەنەپاڵ هێزەکانی ڕۆژاوا کە هاوکاریی ئەسەد دەکەن و ئەوە ئەسەدە بۆی چۆڵ کردوون و ئەگەر وانییە، چۆنە نەشکاون و هێشتا شوێنەکەیان ڕادەست نەکردووە. لە وێنەی ئەم خەباتەدا دەبینین پاراستنی شوێن هاوکات بە مانای پاراستنی دەسکەوتە هێماییەکانی خەباتی سیاسییشە.

٣. لەو وێنە ڕۆمانتیکەدا کە بۆ قوربانیی ئایدیال دەکێشرێتەوە، بەرگری هەیە، بەڵام مادام ئەم بەرگرییە کات، شوێن، بەردەوامی و هەمەگیریی لەگەڵ نییە، لە دواییدا دەگۆڕێت بۆ جۆرێک لە خەباتگێڕی و بەرگری، کە خۆی زیاتر جۆرێک هەڵوێستگرتن و شووناسی دەروونناسانەی تایبەت و جۆرێک شێوازی ژیانی شەخسییە. بەڵام لەم گۆڕانەی خەبات بۆ شێوەی ژیانی شەخسیدا، وەک بەدیووش ئاماژەی بۆ کردووە، توخمە بزرەکە بریتییە لە ئایدیا، یان هەمان پێداگری، جەختکردنەوە و سەلماندنی سیاسی. بەم مانایە، سیاسەتی ڕادیکاڵ تەنیا بریتی نابێت لەوەی خۆمان مەحکووم بەوە بزانین کە دەبێ بەرگری بکەین، بەڵکوو بریتی دەبێت لە خوڵقاندنی شتی نوێ، خوڵقاندنی فۆرمێکی دیکەی ژیانی بەکۆمەڵ. ئەوەی لە کۆبانێ ڕوو دەدات، لەودیوی بەرگریی ڕووت و تەنیا و کاتییەوەیەوە، سیاسەتی ڕادیکاڵ لە کۆبانێ هەوڵێکی بەکۆمەڵە بۆ خوڵقاندنی شێوەیەکی نوێی ژیانی بەکۆمەڵ. خەباتێک، کە ماناکانی سیاسەت و خەباتکاری وەردەچەرخێنێت و لە نوێوە پێناسەی دەکاتەوە.

٤. وێنەی زاڵی ململانێ لە ئەمڕۆکەدا بریتییە لە وێنەی شەڕی نێوان دوو هێزی دەوڵەتی، جا ئەم شەڕە ڕاستەوخۆ بێت یان لە ڕێگەی دارودەستەکانیانەوە. زاڵبوونی ئەم وێنەیە بۆ ململانێ، وای کردووە ئەم وەهمە دروست ببێت کە ئەوەش لە کۆبانێ ڕوو دەدات، تەنیا بریتییە لە شەڕی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی دوو دەوڵەت، مادام وایە، ئەوە ئەسەد خۆیەتی لەوێیە و لە دواییدا کوردەکانیش هاوپەیمانین. بەڵام کۆبانێ ئەم وێنە باوەیشی تێک

داوە، چونکە ئەو خەباتەی لەوێ هەیە، نەک شەڕی دەوڵەت و دەوڵەت، بەڵکوو شەڕی نێوان دەوڵەت و نادەوڵەتە. لە کۆبانێ خەبات دژی دەوڵەتی ئەسەد یان داعش بە هیچ دەوڵەتێکەوە نەبەستراوتەوە، بەڵکوو خەباتێکە بە ناوی ئەو زیادە و پاشماوەوە وا بە ڕێکەوت ناسنامەیەکی دەوڵەتیی تایبەتی نییە: دەوڵەتێکی دروست نەکردووە و تەنیا بە ناوی کانتۆنە خەڵکییەکانەوە کار دەکات. ئەگەر خەڵک مانای ئەو شتەیە کە پاش هێماییکردنەوەی لە دەوڵەت و ئایدیۆلۆژیا دەمێنێتەوە و بوونەکەی گرێ دراوە بە سیاسەتێکی نادەوڵەتییەوە، کەواتە ئەوە ناوی خەڵکە لە کۆبانێ خەریکی بەرەنگارییە. لە کۆبانێ ئەم وێنەیەش تێک دەشکێت کە نەزم و ئاسایش تەنیا بەرهەمی پۆلیس و زۆری قانوونە. دەبینین خەڵک لەوێ چۆنچۆنی پاوانکردنی مافی چەکداربوون لە پۆلیس دادەماڵن و لە ڕێگەی بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتەوە دەیسەلمێنن ئەوە پۆلیس خۆیەتی مەترسیدارە، دەری دەخەن تاقە ڕێگەی کۆنترۆڵ و دامەزراندنی نەزم و ئاسایشی بەردەوام و بەکۆمەڵ، کە لەگەڵ ئازادییە فەردییەکانیشدا بێتەوە، ئەوە نییە پۆلیسێکی دیکە دروست بکەیت.

٥. لە کۆبانێ، وێنەیەکی دیکەش تێ دەپەڕێنرێت، وێنەی سیاسەتمەداری پەروەردەکراو بۆ ڕێنوێنیی کۆمەڵگە، واتە هەمان تەکنۆکراتەکان. هەر وەک وێنەی ئەو زانا پێشڕەوەش کە ساڵانێکی زۆر لە کتێبەکاندا سیاسەتی ڕادیکاڵی خوێندووە و ئێستە زانستەکەی شەرعییەت و ڕەوایی ئەوەی پێ دەدات دەست لە سیاسەت

وەر بدات. لە وێنەی زاڵدا ئەوە تەنیا هەندێ کەسی پڕچەک بە زانستێکی تایبەتن کە ڕەوایی، لێهاتوویی و مافی ئەوەیان هەیە سیاسەت بکەن. بەڵام لە وێنەی سیاسەتی کۆبانێدا سووژەی سیاسەت، بە ڕێکەوت، هیچ ماف و توانایەکی تایبەتی بە مانا باوەکان نییە، چونکەنە زانستێکی تایبەتی هەیە و هیچ ئەویدییەکی دەرەکی (مێژوو یان ئاسمانێک) ئەرکی سیاسەتی پێ نەسپاردووە. ئەم سووژەیە هەر ئەوەیە وا دەیسەلمێنێت توانایی هەستکردن بە ستەم و خەبات بۆ نەهێشتنی، نە بە حەتمی بە هیچ شارەزایی و پسپۆڕییەکی تایبەتەوە بەستراوە و نە پێویستی بە ئیزن و ئیجازەی هیچ کەس یان دەزگایەک هەیە. لە دڵی ناسینەوەی ئەم توانایەوە، تیکڕای خەڵکێک جیاوازیی نێوان ژیان و کار لا دەبەن و لە دەرەوەی شارەزاکانەوە، سیاسەت دەکەن بە کاری هەمووان.

***

# Freedom of society

intellectual, political, social & seasonal magazine

مـجلة حــرية المجتمع،

### لەم شوێنانە بەردەستە

**ناوەندی سلێمانی** (کتێبخانەی سلێمانی سەروو چاخانەی شەعب-کتێبخانەی ڕەهەند جادەی مەولەوی-کۆشکی سەرا بەردەرکی سەرا-کتێبخانەی گۆران بەردەرکی سەرا-کۆشکی ڕێبین بەردەرکی سەرا-کتێبفرۆشی کوێزین بەردەرکی سەرا-کتێبفرۆشی سەلمان بەردەرکی سەرا-کۆشکی مەلاموحسین تەنیشت ڕەشە مۆڵ-کۆشکی سەرچنار ناو بازاڕی سەرچنار-کتێبخانەی ڕۆمان تەلاری سیروانی نوێ-کتێبخانەی وشە جادەی مەولەوی). **قەزاو ناحیەکانی سلێمانی** (ڕانیە-کتێبخانەی ئەحمەد کۆی-قەڵادزێ-کتێبخانەی ژین-چوارقوڕنە-کتێبخانەی ڕەهەند-کۆیە-کتێبخانەی هەژار-کۆیە-کتێبخانەی دیاری-کۆیە-کتێبخانەی باواجی-چەمچەماڵ- چاپەمەنی و پەڕاوگەی تنۆک-دەربەندیخان-کتێبخانەی ڕەسەن-کەلار-کتێبخانەی شار). **پارێزگای هەڵەبجە** (هەڵەبجەی شەهید-کتێبخانەی هەژار موکریانی- هەڵەبجەی شەهید-پەڕاوگەی شادی-سەید سادق-کتێبخانەی بێخود). **کەرکووک** (ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری دیالۆگ جادەی کۆماری). **هەولێر** (کتێبخانەی ئاشتی داون تاون نهۆمی دووەم-کۆشکی ئاشتی شێخەلا-کۆشکی میدیا (بەهجەت) بەرانبەر داون تاون-کۆشکی نیشتمان بەرانبەر داون تاون-کۆشکی باخی شار پارکی شار تەنیشت سەعاتە گەورەکەی ناو بازاڕ-کۆشکی سیروان تەنیش چاخانەی مچکۆ-کتێبخانەی سۆران بازاڕی ڕۆشنبیری-کتێبخانەی مەحوی بازاڕی ڕۆشنبیری-کتێبخانەی کاک شێخ پشت پارێزگا-کتێبخانەی مەم وزین بازاڕی داون تاون نهۆمی دووەم-کتێبخانەی ئەمازۆن ڕێگەی کەرکووک-کتێبخانەی هەڤاڵ بووک بەرانبەر سوپەرمارکێتی ئایە نێوان ٦٠ مەتری ٤٠م). **دەرەوەی شار** (کتێبخانەی هاوژین لە هەریر-کتێبخانەی مێخەک لە سۆران-کتێبخانەی شێرکۆ لە ڕواندز). **دهۆک** (کتێبخانەی نۆرسین).

www.KOMELGE.com